www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 19-11-2005 13:21

# لە خاچمەدەن ... فواد زەرداوی

ئازیزان دوای تەواو بوونی تەمەنێكی بێ نەواو
وەك مەسیح لە خاچمەدەن
لە كوێی؟
لە بەر ماڵی ئەوان!
ئەوان كێن؟
ئەوان هاژەی روحن
ئەوان شریانی دڵن
ئەوان هەناسەی ژیانن
بێ ئەوان بێ ژینم
* * *

دوای تەواو بونی تەمەنێكی نوێ
دێمەوە بۆ شاری یاری كۆنی مناڵیم
دیمەوە پەنچەكان فیری یاری كۆن ئەكەم
خۆزگاكانم لە باوش تۆ ئەبەم
ئەگەر مردیشم با باڵای بەرزت
سێبەرمە بێت
ڕومەتیش وەك ڕوح هەڵكێش
لە بان سەرم بێت و
فرمێسكەكان وەك مرواری
لە كردونی چاوەكانم بێت...
ئیدە لەوەیەوە... هێدی.. هێدە
هەناسە ماڵئاوایم لێ بكات
ماڵئاوا... ئاهـــ ماڵئاوا
بۆ تەمەنێك چوو وەك ساوا